## ئەڕۆی ئۆغر،هۆ دێوانەکەی کوردستان! ... ڕێناس جاف



لە نێو میللەتی کوردا،گەلێ کەسان لە دەروازەی هونەرەوە، بە لوتکەی کوردایێتی گەیشتوون. کەم نین ژماری ئەوانەی بە دیدێیکی ڕوون و بیرێکی قووڵەوە،بە هەموو کەلێن و قوژبنەکانی ئەندێشەی پاکی کوردی دا، داگەڕاون. لای ئەو جۆرە کەسایێتییانە، هونەر بۆتە پەیژەیێک بۆ بەرزکردنەوەی ڕۆحی کوردایێتی. کەچی لەو لاشەوەپڕ نموونە هەنە، نەک هەر هەتا یەکەم قۆناخی بیری کوردایێتی، بڕیان نەکردووە بگرە ئەوەند لێڵ هاتوونەتە نێو مەیدانی هەراوی هونەر، پاشی دەرکەوتنی نیازناپاکییان بۆ جەماوەر،دوکانچەکەکەی خۆیان گورجێ پێچاوەتەوە.

گەر ئاوڕێک لە مێژینەی خەباتی هونەری کوردی بدەینەوە، ئەو ڕاستییەمان لا دەردەکەوێ، لە هەر سەردەمێک دا، سەدان کەس خۆیان لە قەرەی بواری هونەر داوە بەڵام کوا بۆ ئەوڕۆ زۆرێ لەوانە،ناو بزرن؟! ئەمە پتەوترین بەڵگەیە بۆ ڕەسەنایێتی هونەر و بەرهەمی هونەری لای هونەرمەند.

کوا لە نێو کورد دا چەن "سێوە"، "عەلی مەردان"، "تایەر تۆفیق"، "حەسەن زیرەک"، "ماملێ"، تەحسین تەها"،" عارف جەزراوی"، "ئەلی نەزەر"،
"عەولەزیز"، "ساڵح دیلان"، "مریەم خان"، عایشەشان"، "سەی ئەسکەری کوردستانی"، "کاوێس ئاغا"، "ڕەسووڵ گەردی"، " شەماڵ سائیب"،
"جەماڵ موفتی"، "حوسێن عەلی"،" ڕەفیق چالاک" و " مشکۆ"، مان هەیە؟!

ئەو هونەرمەندەی هونەرەکەی لە خزمەت گەلەکەیدا نەبووبێ، وەک بەفرەکەی سەرکەل، پاشی بەینێ،هیچی لێ نەماوەتەوە.

ئامانجی ئەم کورتە نووسینە، تەنێ یادکردنەوەیێکە لەو هونەرمەندەی لە پێناوی کوردایێتی دا، دەستی لە هەموو خۆشییەکی ژیان هەڵگرت و هەتا ما، مینا هونەرمەندێکی خودان هەڵوێست ژیا.

من نامەوێ خۆ لە قەرەی لق و پۆکانی هونەر بدەم،دیارە ئەرکی وا گران پێویستی بە لێکۆڵینەوەی تایبەت هەیە. لێرەدا گەرەکمە بە شێوەی سەرپێیانە چەن دێڕێ بۆ وەفا،بۆ دەنگێکی نەمری کورد،بە جێ بێڵم.

هەمووومان دەزانین گۆرانی یەکێکە لە کۆنترین پاژ و بەشەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری گەلان. ئازار و ژان و ساتەخۆشەکانی هەموو گەل و نەتەوەیێک لە گۆشەی ئاواز و سترانەوە خۆ دەردەخەن.

ڕاستیت گەرەکە گۆرانی لای گەلی کورد کە بە درێژایی مێژوو گەلێکی بندەست و ژێر چەپۆکەی وڵاتانی داگیرکەر و سەردەستی کوردستان بووە،

پارێزەری شوناسی کوردیمانە و بڕوام نییە کەس حاشا لەم حەقیقەتە ڕوونە بکات. کورد بە هۆی بەیت،هۆرە،سیاچەمانە،لاوک، حەیران،بەستە و مەقاماتی ڕەسەنییەوە،هەتا بەوڕۆ توانیویە بەشێکی زۆری میراتی گرانبایی خۆی لە فەوتان بپارێزێ. جاران ستران و گۆرانی کوردی بۆ کورد
حوکمی کاراترین چەکی هەبووە. لانیکەم ئەم بابەتە بۆ چەن بەشێکی
کوردستانی ژێردەست، هەمان ڕۆڵ و دەوری بینیوە.
بۆیە گۆرانی لای میللەتی کورد،هەر تەنیا هەڵگری بارێ نەبووە وجانتاێیکی
هەمەڕەنگ بووە،بەشێکی گەنجینەکەی ئێمەی کوردی، لە گەردەلوولی زەمەن دا،لە فەوتان پاراستووە. گەلێ جێی داخ و کەسەرە لای ئێمەی کورد،
کەسایێتییەبەرزەکانمان،هەتا کاتێ ماون،حەقی تەواوی خۆیان نادرێتی، کەچی هەرکە لامان نەمان،بۆیان دەس دەکەین بە شین و شەپۆڕێ،
هەر نەبێتەوە.
گوڵجاڕەکەی هونەری گۆرانی کوردی،ئەم بەینە خەسار و زیانێکی گەورەی
لێکەوت. ڕۆژی 18 سێپتەمبەری 2005 زایینی،ژنە پێشمەرگە و هونەرمەندی
شۆڕشگێڕی کورد،"مەرزییە فەریقی"،لە هەرێمی غوربەت و تاراوگە،لە وڵاتی
سوێد، لە تەمەنی نێزیکەی47 ساڵیدا،بە هۆی ئێش و ژانێکی نە فرە گرانەوە،بۆ هەمیشە گۆرانییەکانی بە یادگار،لا جێهێشتین.
خەرمانەی هونەری کوردی،ساڵەکەی ئەوساڵ وەبەر وەیشومەێیکی سەخت
کەوت و چەندین کەڵە هونەرمەندی کورد،بارگەیان بەرەو هەوارگەی مەرگ
تێکنا و بە کۆچی ئەو پەپوولە پایزییانە،باخچەکەی هونەری کوردی،
چەندین گوڵی بەرامەخۆشی،لێ هەڵوەری.
هەر بەینێ لەمەوبەر بوو،ژەنیار و مۆسیقاری هەرە ناسراوی کورد سەیدا
"ولیەم یۆحەننا"،ماڵی هونەری ئاوازی کوردی،بە جێهێشت.
ئەو زاتەی بۆ خۆ عومرێک خزمەتی گۆشەی مۆسیقای گەلەکەمانی کرد و
چەندین تیپی مۆسیقای دامەزراند.
هەروەها ئەو دەنگەی دایمە زایەڵەی بۆ کەلاوەکانی ڕۆح،بەرز بوو،بە یەکجاری کپ بوو. مامۆستا "ئیبرایم خەیات"،بەرەو دیاری ئاشقانی
تەریقەتی هونەر،کۆچی کرد.
"عوسمان عەلی" و" فوئاد ئەحمەد"، دوو دەنگی ئاشنای دی نێو دونیای
هونەری کوردی بوون،هەر خەزانە ساڵەکەی ئەوساڵ،پەڕی ئاڵتوونییان،
زەردەبارانێکی بە سەر جاڕەکەی هونەری کوردیدا داباراند.
هەر پێش ئەو سەفەرەش،لە دەڤەرەکەی کرماشان،شاری شیرینی کوردانەوە
ژەنیاری هەرەبەتوانای کورد مامۆستا "موجتەبا میرزادە"،هەوارەکەی لامانی
چۆڵ کرد و سەفەرێکی ناکۆتای بۆ دەربەندەکانی غوربەتی ئاوازی کوردی
دەسپێکرد. هەتا مخابن نۆرە گەیشتە دەنگێ ئاشنای تر. لێ دەنگێ هەتا
دەهات بەرەو پانتایی هونەر ڕێی دەبڕی و هێشتا زۆری مابوو پرۆژە
نیوەچڵەکانی جێ وەجێ بکات. بەڵام کە بای نەهات هەڵیکرد ئیدی
ناپرسێتەوە کامە بەرەو لوتکە هەڵدەکشێ و کامەش لە مێژە وا بە سەر
چڵەپۆپەی داری هونەرەوە.
نووسین لە سەر مەرزییە فەریقی و بەرهەمەکانی،ڕۆچوونێکی هونەرییانەی
پێویستە. ئەو هونەرمەندەی لە هەڕەتی گەنجی دا، وازی لە شار و ژیانی

ئاسوودەی نێو شاران هێنا و بۆ پاراستنی شەڕەفی کوردی، چەکی خەباتی
لە شان کرد و شان بە شانی هاوژینەکەی، هونەرمەندی خودان هزری کورد
"ناسری ڕەزازی"،سەخت ترین و دژوارترین ڕۆژانی ژینی وەپشت سەر نا.
لە حاڵێکدا هاوسێرەکانی، بە شەقامە ئەرخەوانییەکانی شاری "سنە"دا
پیاسەیان دەکرد،ئەو ڕووی کردە شاخ. ئەو شاخەی بەرزترین وانەی
کوردایێتی فێر کرد و دواتر ئەو مەرزییەی بار هێنا، بوو بە ئاڵاهەڵگری
ژنی پێشڕەوی کورد. ژنێک لە دوو مەیدانی خەباتی هونەری و شۆڕشگێڕی دا
سەرکەوتوو دەرچوو.

یەک لەو خاڵانەی مەرزییەی جوانەمەرگ لە ژنە سترانبێژانی دی کورد
جیا دەکاتەوە،ئەوەیە مەرزیە هەتا هاتووە هونەرەکەی زێتر باڵای
کردووە. مەرزییە فەریقی لە ژێر ساباتی قوتابخانەێیکی هونەری وەک
ناسری ڕەزازی دا،بار هاتووە. هەر بۆیە شێوەی مامەڵەی،دەگەڵ هونەر
دەکرێ بێژم گەلێ لە گەڵ ژنە هونەرمەندانی دی تۆفیری هەیە.
بە داخەوە زۆربەی ژنە هونەرمەندانی ئەمڕۆی کورد، هێشتا هەر
شوێنکەوتەن و ڕاس لاسایی چەن بەرەی پێش خۆ دەکەنەوە.
هونەرمەند هەتا کاتێ خۆی نەدۆزیوەتەوە، پێویستە ئاوڕ لە بەرهەمی
بەرەی پێش خۆ بداتەوە،بەڵام کاتێ ڕێچکەی هونەری خۆی بینییەوە
لە سەریەتی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ،زێتر ڕۆحی داهێنان و نوێگەری
بە وەر بەرهەمی خۆدا بکات،ئەگینا قەت بەرهەمەکەی ناچێتە خانەی
هونەری ڕاستەقینەوە.
هێشتاکە زۆرێ لە ژنە هونەرمەندانی کورد،هەر لە یەکەم قۆناخدا
گیرۆدە دەبن و ئەوەندە ناسیارییان دەگەڵ چوارچێوەی کاری خۆدا نییە.
ئەو هەڵبەستەی بۆ گۆرانی خۆ هەڵیدەبژێرن ئاگایان لێی نییە ئایا
دەگەڵ هەست و نەستی ژنانەدا دێتەوە یان نا؟ بەڵام بەختەوەرانە مەرزییە
فەریقی ئەو قۆناخەشی سەرکەوتووانە بڕی. لێ کلۆڵی میللەتی ئێمە،
لە جەستەی دار و بەردمان ئەباریێ، لە حاڵێکدا هەر لە نێو فارسەکاندا
هونەرمەندی وایان تیایە تازە لە تەمەنی 47 ساڵان دا،
پەیمانی ژنومێردایێتی دەبەستێ،کەچی هونەرمەندی گەلە ڕەنجەڕۆکەی مە
لە هەمان تەمەندا جوانە مەرگ دەبێ.
بەڵام لای مەرزییە فەریقی، خۆشەویستی گەل و خاک،بانتر لە هەموو خۆشییەکی ژیان بوو.
مەرزیە کاتێ دیلی و ژێردەستەیی گەلەکەی بە چاوی
خۆ دەبینی، بە سرووده ئاورینەکانی، چەخماخەی دەکردەوە و کڵپەی شۆڕشی ئەخستە
گیانی گەنجان.
نزیکەی 25 ساڵ ژیانی نێو شاخ و تاراوگە، بەهرەی تایبەتیان بە مەرزییەی
فەریقی بەخشی، چونکە لە غوربەتی ڕەهای ناخدایە، دەنگی ڕەسەن
ئەتەقێتەوە. ئەوەی بۆ تاقە جارێک گوێی لە هاواری سترانی مەرزیە و
بۆکرووزی هەناسەی هونەری بووبێت، چاک دەزانێ ئەو سەرە سەودابیە
خەونی بە کامە داهاتووی ڕوونەوە دەبینی.
مەرزییەی فەریقی بە درێژایی نێزیک بە 25-20 ساڵ چالاکی هونەری،
هەگبەکەی تێکەڵ بە بەری ڕەنگاڵەیی ئەوتۆ کرد ئەمڕۆکە هەموو کوردێ
چێژ لە گۆرانییەکانی دەبات.

دەنگێ پڕ ئاشنا بە جاڕ بە جاڕ و هەوار بە هەواری كوردستان،دەنگێ
بۆ هەموو وەرزەكانی نێو كوردەواری.
مەرزییە فەریقی بە گۆرانی "ماچی خودایی"، بزەێیك ئەخاتە سەرلێومان،
بە سترانی "پایز"، وەرزی نیگائەفسووناویی سرووشتمان لا دەكا بە میوان،
بە بەزمی "شەش پەپوولەكەی"، چی پەپوولەی نیگابێگەردە،دێنێتە نێو ژوورەكەمان، بە گۆرانی "گۆمی خوێن"، ئەو ساتانەمان وە بیر دێنێتەوە
ئازای ئەندامەمان بۆ یاری خۆشەویست، ئارەقەی زەرد و سوور دەرئەدا،
بە سروودی "كوردستان"، هەرچوارپارچەكەی كوردستان،لامان ئەكا بە میوان.
بە دەیان بەرهەمی ناوازە و بە پێزی دی،بە گشت زاراوەكانی كوردی،
دەمانباتە سەیری دەنكە هەنارەكانی هەر دەڤەر و ناوچەێیكی دی كوردستانی لەت لەت كراو. بۆیە ئەشك هەڵوەراندن بۆ بەهرەێیكی ئەوتۆ
بۆ هەموو مرۆڤێكی خودان هەڵوێستی كورد پڕ پێویستە. بەشكو لەو ڕێگەوە
هاواری پەنگ خواردووی ناخی "ناسری ڕەزازی" هاوژینی ئەو ژنە كۆڵنەدەرە
زووتر بتەقێ و هونەری كوردی، بەو هەژانە هونەرییە پتر پێشكەوێ.
خۆزی ژنە سترانبێژانی كوردیش، ڕێچكە وشێوازی هونەری مەرزییە فەریقی
بەرنەدەن و لەمەو بە دوا ڕاستبێژانەتر و ژیرانەتر دەگەڵ هونەر
بجوڵێنەوە.
مەبەستی سەرەكی ئەم نووسینە، ڕێزنان لە خەباتی ژنە هونەرمەندێكی
كورد لە دوو بەستێنی ژیانی كوردایێتی دا بوو،هەروەها دڵنەوایێیك
لە هونەرمەندی شۆڕشگێڕ و كوردپەروەر "ناسری ڕەزازی".

30 خەرمانانی 2705 كوردی
Renascaf @ Yahoo. com